شیلان حوسێن:
یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# تاکە ئاواتم ئەوەیە بگەمە ئۆڵۆمپیات

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- یاری گۆڕەپان و مەیدان خولیایەکی بواری وەرزشیم بوو، بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژاردووە.

*** یاری گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- لە ئاستێکی زۆر باشدایە، هەر چەندە نەبوونی پاڵەوانێتی کێشەیە و ماوەیەکی زۆرە ئەنجام نەدراوە و ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانان بەگشتی، چونکە زۆر مەشقکردن و ئەنجامدانی پاڵەوانێتی دەبێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی یارییەکە.

*** ئەی لە شاری سلێمانی لە چ ئاستێك دایە، چونکە دەبینی کە سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووە و کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە ؟**

- شاری سلێمانی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی ئەوەی کە تیپەکان گرنگی زۆر بە توانای کوڕ و کچە یاریزانەکانیان دەدەن بە گشتی، بۆیە ساڵانە چەندین یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق لە شاری سلێمانییەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەوەش دەیسەلمێنێ کە یانەکانی ئەو شارە هەمیشە پێشەنگ بوون.

*** پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز دەبێت چی بکرێت؟**

- ئەگەر بکرێت ساڵانە زۆرترین پاڵەوانێتی بکرێتەوە، بەمەش چانسی زۆر دەدات بە یاریزانان بۆ ئەوەی بگەنە پاڵەوانێتییەکانی عەرەبی، هەروەها گرنگیدان بە ئاستی پێگەیاندنی یاریزانانی لاو و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ یاریزانان.

*** وەکو یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت چی بوون؟**

- لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین ئەنجامی گەورەم تۆمارکردووە لە ئاستی پێشکەوتووان بە تایبەتی لە فڕێدانی قورسایی، لە ئێستاشدا خاوەنی چەندین ژمارەی پێوانەییم لەسەر ئاستی کوردستان و ژمارەکەشم نزیك ژمارەی ڕێکۆردی عێراقە کە ٣٦،٨٦مەتەرم هەڵداوە کە بەناوی خۆم تۆمارکراوە.

*** لەئێستادا بەرنامەت چییە؟**

- لە ئێستادا بەردەوام سەرقاڵی مەشق و خۆئامادەکردنم بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو لەسەر هەردوو ئاستی عێراق و کوردستان، بۆیە هەرکە پاڵەوانێتییەك ئەنجام بدرێت، ئێمە بە باشترین شێوە خۆمان ئامادە کردووە.

*** کێشەو گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

- نەبوونی یاریگای تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، بەتایبەت فڕێدانی قورسایی کێشەی سەرەکیمانە، جگە لەمەش نەبوونی پاڵەوانێتی وای لە یاریزانان کردووە، بێزار بن لەوەندە مەشق بکەن، ئەوانە هەمووی گرفتە جگە لە گرفتە داراییەکەش.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە ؟**

- بەڵێ بە شانازییەوە هەموومان وەرزشمان خۆش دەوێت و لە نێو جیهانی وەرزشین.

*** خانەوادەکەت ڕێگریت لێ ناکەن لە وەرزش کردنت ؟**

- خێزانەکەم زۆر پشتیوانیم دەکەن تا ببمە باشترین کەسایەتی و پاڵەوانێکی باش لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوەی مایەی دڵخۆشیمە پشتگیری ئەوانە بۆ من.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك ؟**

- تاکە ئاواتی من ئەوەیە بگەمە ئۆڵۆمپیات .

*** یانەکەتان وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن ؟**

- لە چاو یانەکانی دیکەی کوردستان باشە، بەڵام هەندێك کاتیش وەکو پێویست نییە.



سنووری پارێزگای سلێمانی لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەن کۆمەڵێک یاریزانانی بەتوانایە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، یانەکانی ئەو شارە جیا لە یانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدەن و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگی یاریزانانی کوردستانیان گرتووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانیش شیلان حوسێن ـە کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی پارێزگای سلێمانییە و ماوەیەکی زۆریشە لە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە خزمەتی وەرزشی یاری گۆڕەپان و مەیدانە و بەتایبەتی لە یارییەکانی فڕێدانی قورسایی و چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە و خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە و مامۆستای وانەی وەرزشییە. ئێمەش لە نزیکەوە بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشی ئەو یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان ـی دایەوە.

*** بەچ یاریزانێك سەرسامی؟**

- لە یاری تۆپی پێ زۆر بە میسی سەرسامم.

*** جگە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەی؟**

-وەکو یاری شارەزایی تەواوم لە هەموو یارییەکان هەیە، وەکو یاریزانیش لە هەر یەك لە بوارە وەرزشییەکان تۆپی باسکە و تۆپی باڵە و تۆپی دەست و تۆپی پێ و گۆڕەپان و مەیدان یاریم کردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- هیوادارم بە زووترین کات پاڵەوانێتی بۆ یاریزانان بکرێتەوە، تاکو یاریزان بتوانێ ئاستی خۆی ببینێت، هاوکات سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو پشتگیرییە بەردەوامەی لە وەرزشکارانی کوردستانی دەکات لەسەرجەم شارە جیاوازەکان، ئەوەش مانای گرنگیدانە بە وەرزشیی ناوخۆیی و بە هیوای ئەوەم نموونەتان زۆر بێت.

دیمانە: کارزان کانەبی

# هیگواین بەفەرمی چووە خانمە پیرەکە



یانەی یوڤنتوس بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی ناپۆلی گۆنزالۆ هیگواین بۆ ماوەی پێنج ساڵ واژۆ کرد بە بڕی ۹۰ ملیۆن یۆرۆ و مووچەی ساڵانەی حەفت ملیۆن یۆرۆ. هیگواین تەمەنی ۲۸ ساڵە و بەم گرێبەستە هەموو جیهانی سەرقاڵ کرد و ڕۆژنامەکان باس لە زۆری بڕی گرێبەستەکە دەکەن.

لە مێژووی خۆیدا هیگواین ۱۰۷ گۆڵی لە خولی ئیسپانیا تۆمارکردووە و ۷۱ گۆڵی لە خولی ئیتاڵیا تۆمارکردووە، لەم وەرزە هیگواین ۳٦ گۆڵی لە ۳۵ یاری تۆمارکردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە بە سێ یاریزانی یۆڤنتوس لە وەرزی رابردوو ۳٦ گۆڵیان وەکو هیگواین تۆمارکردبوو وەکو ( دیبالا ۱۹ گۆڵ)، (ماندزوکیتچ ۱۰ گۆڵ)، (مۆراتا ۷ گۆڵ).

جێگەی باسە ئەمە پێنجەم گرێبەستی یۆڤنتوسە لە وەرزی ئەمساڵدا.



## یاریزانێکی ریال مەدرید چووە خولی ئەڵمانیا

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانیا ئاشکرای کرد، کە (مارتن ئودیکارد) یاریزانی لاوی یانەی شاهانە بە شێوەی خواستن بۆ یانەیەکی بۆندیس لیگا یاری دەکات.

ڕۆژنامەی (AS)ی ئیسپانیا لەمبارەیەوە بڵاویکردووەتەوە، کە (مارتن ئۆدیکارد) یاریزانی لاوی نەرویژی، کە تەمەنی ۱۷ ساڵ دەبێت، لە ریزەکانی یانەی شاهانە یاری دەکات، دوای تەواو بوونی گەشتی یانەکە لە ئەمەریکا بەشێوەی خواستن بۆ یانەیەکی بۆندیس لیگا (خولی ئەڵمانیا) یاری دەکات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ یاریزانەکە و باوکی گفتوگۆ دەکەن، یانەی ڕیاڵ مەدرید رایگەیاند کەمتر لە ملیۆنێک و ۲۰۰ هەزار یۆرۆ نرخی یاریزانە لاوەکەیە.

ئاشکرایە، کە ئۆدیگارد کە بەرەگەز نەرویجییە، پێشتر لە یانەی سترۆمگۆدێست پەیوەندی بە یانەی شاهانە کرد و لەسەر هاتنی ئەو یاریزانەش سەرۆکی یانەی ڕیاڵ مەدرید ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەو توانجی جۆراوجۆر بووتەوە.

## بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی خولی ئیتاڵیا گەرمە

یانەکانی ئیتاڵیا بەمەبەستی بەهێزکردنی تیپەکانی گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانەکان مۆرکرد، زۆربەی گرێبەستەکانیش گرانبەها بوون و چەند یانەیەکی ئیتاڵی چەند یاریزانێکی گەورەیان بۆ رێزی تیپەکانیان گواستەوە. بازاڕی گواستنەوە لە خولی ئیتاڵیا بەمشێوەیە بوو:

- یانەی یۆڤنتۆس بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ (بیانیچ (ڕۆما)، مارکۆ بیاتسا (دینامۆزگرب کرواتی)، مەهدی بن عەتیە(بایرن میونیخ)، دانی ئەلڤیش(بەرشلۆنە)، ماریۆ لیمینا(مارسیلیا)، گۆنزالۆ هیگواین (یۆڤنتوس) مۆرکرد، لە بەرانبەردا دەستبەرداری مۆراتا بوو بۆ یانەی ریال مەدرید و سیمۆنی بادوین بۆ یانەی کالیاری.

- یانەی ناپۆلی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی سەندرلاند جیاکیرینی و یاریزانی ئیمپۆلی لۆرێنزۆ تۆنێلی مۆرکرد و دەستبەرداری هیگواین بۆ یانەی یۆڤنتوس و زۆنیگا بۆ یانەی واتفۆردی ئینگلیزی بوو.

- یانەی ڕۆما بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی جێرسون و یاریزانی بەرازیلی ئەلیسون و ماریۆ ڕۆی پورتوگالی لە یانەی ئیمپۆلی مۆرکرد.


- یانەی ئەنتەر میلان گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی تورکی کانار ئیرکین و ئەرژەنتینی بانیگا و ئەرژەنتینی ئینسالدی مۆرکرد.

- یانەی ئەی سی میلان تەنیا گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی بیسکارای پلەی دووەمی ئیتاڵیا جیانلۆکا لابادۆلا مۆرکردووە.

- یانەی فیرۆنتینا گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێزی پۆلەندی دراجۆفسکی و هۆلەندی کیڤین دیکس و ڕۆمانی یانیس هاجی مۆرکرد لەبەرانبەردا دەستبەرداری هەریەکە لە مانویل باسکوال و ئەرژەنتینی ڕۆنکالیا و کریستیان تییو بوو.

- یانەی لازیۆ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەلژیکی جۆردان لۆکاکۆ مۆرکرد.

ئەمانە گرنکترین گرێبەستەکانی یانەکانی ئیتاڵیا تا ئێستا چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوو یانەکان باشتر خۆیان ئامادە بکەن.



ئامادەکردنی / ریبین رەمزی

# پێشمەرگەی هەولێر خۆی بەهێز دەکاتەوە

دوای ئەوەی لە وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان تیپی تۆپی پێ یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر توانی پلەی دووەمی خولەکە بەدەست بهێنێت، ئەم وەرزەش بەهۆی ئەم قەیرانە داراییە سەختەی رووی لە وەرزشی کوردستان کردووە، دەستەی راهێنەرانی دوو وەرزی رابردووی یانەکە دەستیان لە مەشقی یانەی وەرزشیی پێشمەرگە کێشایەوە و روویان لە یانەیەکی دیکەی کوردستان کرد، کارگێڕانی یانەکەش زوو بە زوویی دوای چەند کۆبوونەوەیەکی یەك لەدوای یەك بڕیاریاندا ستافی مەشقی تازەی یانەکە دەستنیشان بکەن و دەست بە نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانان و هێنانی یاریزانی تازە بکەن، لەم ناوەشدا کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ دڵشاد مەعروف راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن مۆرکرد بۆ ماوەی یەك وەرزە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەشقی تیپەکە بکات لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و تاکو ئێستاش وادەی دەستپێکردنەوەی خولەکە دیاری نەکراوە بەهۆی دابیننەکردنی بودجەوە، جگە لە هێنانی راهێنەر یانەکە بە فەرمی دەستی بە وتوویژکردووە لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ درێسی تیپەکە بپۆشن، جگە لەمەش تیپەکە چەندین یاریزانی وەرزی رابردووی لە یانەکە هێشتەوە و گرێبەستی بۆ وەرزی نوێ لەگەڵ واژوو کردوون، بەڵام لە بارەی بڕی گرێبەست و مووچەکانیان هیچ شتێك ئاشکرا نەکراوە، پێشمەرگەی هەولێر نایەوێ لە وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان بە دەستی بەتاڵ بێتە دەرەوە، بۆیە لە ئێستاوە دەستی بە ئامادەکاری خۆی کردووە.







# زاخۆ لە قەیرانی داراییش واز ناهێنێت

قەیرانی دارایی واز لە وەرزشی کوردستان ناهێنێت و یانە کوردستانییەکانیش پشت بە تواناکانی کوڕەکانی خۆیان دەبەستن و چاویان لە رۆڵەکانی خۆیانە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یانەی زاخۆ-ش سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی زۆر قەرزارە، بەڵام بە مۆرکردنی چەند گرێبەستێك لەگەڵ یاریزانان و راهێنەری دەرەوەی کوردستان چاوی لە ئەنجامی شایستەیە لە خولی عێراق، یانەی زاخۆ ئەمساڵ دەستی کراوە نابێت وەکو ساڵانی رابردوو، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، بۆیە بەرنامەی ئەوەیان هەیە بە پارەیەکی کەم ئەنجامی بەتوانا بەدەست بهێنین. لە بارەی ئامادەکارییەکانی وەرزی نوێ، خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ پشتمان بە راهێنەری نێوخۆی عێراقی و یاریزانانی کورد بەستووە لەبەر ئەم قەیرانە داراییەی سەختەی کە بەرۆکی وەرزشی کوردستانی گرتووە، بۆیە بۆ ماوەی یەك وەرز گرێبەستمان لەگەڵ حیسام حەمەدی راهێنەری یانەی کەرخ مۆرکردوە لەگەڵ ستافی راهێنەران کە پێکهاتووە لە هەریەك لە ئەحمەد والی و جەمیل مەحمود راهێنەری گۆڵپارێزان.» لە بارەی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانانیش ئەحمەد گوتی: «ئێمە ئەمساڵ جیاوازین لە رووی یاریزانانەوە، چونکە بە تەواوی پشت بە یاریزانانی کوردی خۆمان دەبەستین لە سەرجەم شارەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی و ئامانجی ئێمەش خزمەتکردنی یانەی زاخۆیە بە یاریزانانی خۆماڵی و پشت بەستن بە کوڕانی کوردستان، گرێبەستی ئەوانیش تاڕادەیەك رەمزییە و بەشی یەکەمی گرێبەستەکانیش لەلایەن سەرۆکی یانەکەمان دابین دەکرێت و پێیان دەدرێت، وەکو سەرجەم یانەکانی دیکەی کوردستان هیچ گرێبەستێکی گرانبەهامان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە یاریزانانی خۆمان پێش دەخەین. لە بارەی پرسیاری قەرزەکانی یانەکەش خەلیل ئاماژەی بەوە دا کەوا یانەی زاخۆ زیاتر لە دووملیار دینار قەرزارە و تاکو ئێستاش هیچ بڕە پارەیەکی نەداوەتەوە.





# ڕەنگە دوو تیپی باسکەی کوردستان بگەڕێنەوە خولی عێراق

ماوەی دوو وەرزە تیپی باسکەی هەردوو یانەی دهۆك و زاخۆ کە دوو تیپی بهێزی خولی باسکەی عێراق بوون بەشداریان دەکرد لە خولەکانی عێراق و ئاسیا و خاوەنی چەندین ئەستێرەبوون لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام قەیرانی دارایی وای لە هەردوو تیپ کرد هەر بەیەکجاری پاشەکشە بکەن لە خولەکانی عێراقی بۆ ئەوەی ڕادەیەك بتوانن ئەم پاڵەپەستۆیە داراییە لەسەر تیپەکانیان هەڵبگرن، بەڵام یەکێتی تۆپی باسکەی عێراقی لە ڕێگەی نوسراوێك کە ئاراستەی دوو تیپەکەی کوردستانی کردووە بۆئەوەی بە فەرمی هەردوو تیپی زاخۆ و دهۆك بگەڕێنەوە خولی نایابی عێراق و بتوانن زیاتر خولەکە بەهێزتر بکەن، بەڵام پێ ناچێت ئەم دوو یانەیە جارێکی تر بگەڕێنەوە خولی نایابی عێراق، عەبدول وەهاب محەمەد سەرۆکی یانەی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد گوتی» بەفەرمی هەردوو یانەی زاخۆ ودهۆك ئاگادارکراوەنەتەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە وەرزی نوێ خولی عێراقی بکەن، بەڵام ئێمە تاکو ئێستا ڕەزامەندیمان لەسەر نەداوە بۆ ئەوەی بەشداری ئەم خولە بکەین، بەڵام ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ دهۆك تیپەکە تێکەڵ بکەین و بەشداری خولی عێراق بکەین، بەڵام تا ئێستا ئەوەش نەبۆتە فەرمی ئەوە تەنیا بیرۆکەی ئێمەیە گرنگ نییە بە هەر ناوێك بێت بەشداری بکەین، چونکە یانەی زاخۆ و دهۆك خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایین و حەزیش دەکەین بەشداری خولی کوردستان بکەین چونکە توانای ئەوەمان هەیە.